**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی ـ عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ٥٨**
**رۆژی بڕیار: ٢٠٠٤/١٢/٩**

## " بڕیـــار "

پشـت بە حوكمی ماددەی یازدە لە یاسـای ژمـارە(١)ی هـەمواركراوی سـاڵی (١٩٩٢)و، بڕگـە (٣)ی ماددەی (٥٦) لە یاسای ژمارە (١) ی هەمواركراوی ساڵی ١٩٩٢ و، لەسـەر بڕیـاری ژمـارە (٢٤) ی رۆژی (٢٠٠٢/١١/٦) ی ئەنجومــەنی نیــشتمانیی كوردســتانی عێــراق، ئەنجومــەن لــە دانیـشتنی ژمـارە (٥٥) ی رۆژی (٢٠٠٤/١٢/٩) ی (خـولی گواسـتنەوە)ی خۆیـدا ئـەم بڕیـارەی خوارەوەیدا:

**یەكەم**: قبوڵكردنی دەست لەكارهەڵگرتنی رێزدار (د. برهم صالح) سەرۆكی ئەنجومـەنی وەزیرانـی ئیدارەی سلێمانی.

**دووەم**: ئەندامانی ئەنجومـەنی وەزیـران، لەسـەر هەڵـسووڕاندنی ئـەرك و فرمـانی ئاسـایی خۆیـان بەردەوام دەبن تا پێكهانینی ئەنجومەنێكی نوێ.

**سێیەم**: ناوزەدكردنی رێزدار (عمر فتـاح) و، متمانـە پێكردنیـشی، ببـێ بـە سـەرۆكی ئەنجومـەنی وەزیرانی نوێی ـ ئیدارەی سلێمانی.

**چوارەم**: ناوزەدكردنی رێزدار (عماد احمد سیفور) و، متمانە پێكردنیشی، ببێ بە جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیرانی ـ ئیدارەی سلێمانی.

**پێنجــەم**: ئـەم بڕیـارە لـە رۆژی دەرهێنانیـەوە دەخرێتـە بـەركارو، لـە (وەقـایعی كوردسـتان)دا بڵاودەكرێتەوە.

**د.رۆژ نــوری شــاوەیــس**
**ســەرۆكـی ئــە نجـومــەنی نیـشـتمانیی كـوردسـتانی ـ عێـراق**

ئـــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com